# تیرۆریزم لە کوردستاندا مەحکوومە بە نەمان

ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە تیرۆر و تیرۆریزم لە دنیای مودێرن و ئازاد و لە لای هیچ تاقمێکی مرۆڤدۆست و دێمۆکراتدا، جێگە و پێگەیەکی نییە. هەر بۆیە ئەو رووداوە تیرۆریستییەی شاری هەولێر کە لە ۲۰۰۴/۲/۱دا روویدا، بە لای هیچ تاقم و لایەنێکی مرۆڤدۆستەوە جێگەی پەسەند نییە و بە توندی رەت دەکرێتەوە. ئەو رووداوە جیا لەوەی حیکایەتە لەوەی هێشتا کەسانێک هەن کە دژ بە مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی و ئازادی و ژیان شەڕ دەکەن، دەرخەری ئەم راستییەشە، هەنگاوە پتەو و خێرایەکانی ئەم دواییەی دوو حیزبە بەرجەستەکەی کوردستانی باشوور، گەلێ لایەن و تاقمی دژ بە کوردی تووشی ترس و هەراس کردووە.

ئاشکرایە ئەو هەوڵە تیرۆریستییانە نە تەنیا لە بەرژەوەندیی هیچ کوردێکی ئازادیخواز و دیمۆکراتدا نییە، بەڵکوو تاوانێکە دەرحەق بە کورد بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی. بۆ هەمووان روونە لە پشت ئەو کردە دڕندانەوە، ترس لە یەکگرتن و سازدانی حکوومەتی هاوبەش و گەیشتن بە خواست و ویستە رەواکانی نەتەوەی کورد خۆی حەشارداوە.

دیارە ئەو هەوڵە جیددی و شێلگیرانەی لە نێوان سەرکردە کوردەکاندا بۆ دێمۆکراتیکترکردنی کوردستان و سڕینەوەی ناکۆکییەکان هاتوەتە ئاراوە، پەسەندی هەندێ لایەنی دژ بە دێمۆکراسی و مرۆڤ و کورد نییە و بە پیلانی جۆراوجۆر دەخوازن بەری پێبگرن.

رووداو و کارەساتی رۆژی جێژن سەرەڕای ئەوەی زیانێکی رۆحی و گیانیی لە سەرکردە و خەڵکی بێتاوان و هەموو کوردە ئازادیخوازەکاندا، ئەم راستییەشی دەرخست کە لەکوردستاندا هیچ کەس لە گەڵ تیرۆر و تیرۆریزمدا نییە و کەس پشتگیری لەو کردە دزێوانە ناکات. سەرکردەکانیش بەو شێوەیە کە چاوەڕوانیان لێدەکرا نیشانییاندا کە ئیرادەی یەکگرتن و پێکەوە ژیان لە نێوان کوردەکاندا لەوە بەهێزترە کە بەو جۆرە رووداوانە، تێک بشکێ. لەم قۆناغەدا ئەوەی گرنگە، یەکگرتنی هەموو لایەکی مرۆڤدۆست و کوردپەروەرە لە بەردەم مەحکووم کردن و رەتکردنەوەی ئەو جۆرە تاوانانەدا. لە پاڵ ئەوەشدا وەگەڕخستنی دیپلۆماسییەتێکی چالاک لە لای نوخبە سیاسییەکان و وەگەڕخستنی خوێندنەوەی قووڵ و رۆشنبیرانە لە لای نوخبە فیکرییەکان ئەتوانێ ببێتە هۆی بنبڕ کردن و نەهێشتنی تیرۆریزم و بونیادگەرێتی، لە کوردستاندا. لەوەش بێگومانین تیرۆریزم لەکوردستاندا ناتوانێ درێژەی ببێ و مەحکوومە بە نەمان.

ئێمەش وێڕای رەتکردنەوە و مەحکوومکردنی ئەو تاوانە نامرۆڤانە، لە هەموو خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسی و خەساردیتووەکانی کوردستان سەرەخۆشی دەکەین و هیواداریین بۆ نەهێشتنی تیرۆریزم و بونیادگەرێتی هەوڵی بنەڕەتی بدرێت تا جارێکی دیکە کارەساتی لەو جۆرە، لە کوردستاندا روونەدا.

**دەستەی نووسەرانی حەوتەنامەی رۆژهەڵات**

**سنە**